# هەڵبژاردن لەنێوان بەرژەوەندی لایەنەکان و خودی پڕۆسەکەدا

هێزو لایەنە سیاسیەکان بەمەبەستی بەشداریکردن لە پڕۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دا بەرەو پێکهێنانی هاوپەیمانێتی رۆیشتن، لەو پێوەندەدا سی هاوپەیمانێتی لەنێوان لایەنە سیاسیەکان پێکهێنراون, یەکێتی و پارتی بە لیستی کوردستانی، چوار لایەنیش بە لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازنی، هێزە چەپ و دیموکراتیخوازەکانیش کە پێکهاتوون لە حزبی شیوعی کوردستان، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان، حزبی رزگاریی کوردستان، پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراسیخوازن و پارتی نیشتمانی کوردستان بە لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا دەکەن.

سەبارەت بەوەی کە ئایا هەڵبژاردن لەپێناو بەرژەوەندی لایەنەکان یان لە پێناو بەرژەوەندی پڕۆسەی هەڵبژاردندا بەڕێوە پێکدەهێنرێ؟! بە باشمان زانی پرسیار لە چەند بەڕێزێک بکەین:

هاوڕێ **هادی مەحمود**, لە حزبی شیوعی کوردستان دا دەڵێ: ' ئەو

هەڵبژاردنە ئەگەر بەپلەی یەکەم ئازادانەو سەربەخۆیانە ئەنجام بدرێت لەبەرژەوەندی گەلی کوردستانە بەپلەی یەکەم، نابێت تەماشای پرۆسەی هەڵبژاردن بکەین وەک پرۆسەیەکی دابڕاو لەهەلومەرجی سیاسی و بەرژەوەندی گەلی کوردستان. هەڵبژاردن نەک بەو مانایەی پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام بدەین، بەڵکو هەڵبژاردن بکەین بۆئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئیرادەی گەلەکەمان، ئەوانەشی سبەینێ دەچنە پەرلەمانی کوردستان، دەبێت نوێنەری ڕاستەقینەی گەل بن، گرنگترینیان ئەوەیە کە لەبەرژەوەندی گەلەکەمان بێت، ئەو حزبانەش کە لەبەرژەوەندی گەل بن، ئەوکاتە لەبەرژەوەندی ئەوانیشدا دەبێت.. دەبێت پشکی هەر حزبێک هەرچەندێک بێت ئیرادەی گەلی کوردستان بێت.

ئەو لایەنانەی کە ئێستە پێشبڕکێ دەکەن لەسەر کورسیەکانی پەرلەمان بەریز بەندیەکی نوێوە هاتونەتە پێشەوە... پێموایە ئەو حزبە سیاسیانەی کە ئێستە لەپەرلەمانن لەدەرەوەی پەرلەمان نایەتە کایەوە، گرنگ ئەوەیە پەرلەمان لەئایندەدا ببێتە دامەزراوەیەکی تۆکمە، چ پارتی بێ، چ یەکێتی ،چ گۆڕان،چ حزبە عەلمانی وئیسلامیەکان بن، هەر هەموو ئەو لایەنانە ئێستە لەپەرلەماندا هەن، بەشێوازی جۆراو جۆر لەحکومەتدا بونیان هەیە، گرنگ ئەوەیە پەرلەمان وەک دامەزراوەیەک بونی خۆی هەبێت و سەقامگیر بێت، لەمیکانیزمی کارکردندا هەوڵبدات ساڵ بەساڵ کاراتربن، وەک هەر پەرلەمانێکی دی کە لەدنیای پێشکەوتوی ئەمڕۆماندا هەیە.

هەر سەبارەت بەو پرسە، بەڕێز **بەڵێن عەبدوڵڵا** سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان گوتی: 'پڕۆسەی هەڵبژاردن خۆی پڕۆسەیەکی دیموکراسیەو هەمولایەکیش هەوڵدەدات ئەوپڕۆسەیە بەڕێکو پێکی بەڕێوە بچێت ،وەلایەنەکانیش هەوڵدەدەن متمانەی خەڵکی بەدەست بێنن ،خەلکیش مافی سروشتی خۆیەتی لەو پڕۆسەیەدا بەشدار بێت ودەنگی خۆی بدات. بەدڵنیاییەوە پڕۆسەی هەڵبژاردن لەبەرژەوەندی لایەنە سیاسیەکانە و لەخزمەتی هەمو خەڵکی کوردستانە.ئێمەو چەند حزبێکی دی ئەو قەوارە سیاسیەی کەپێکمان هێناوە و دەمانەوێ لایەنێکی جوانی پڕۆسەی دیمۆکراسی نیشان بدەین بەدونیای دەرەوە.

وەپێویستە خەڵکی هانبدەین بێتە سەر سندوقی دەنگدان و ئەو مافەی خۆی بەجێبهێنێ'

**مام خدر روسی** سکرتێری گشتی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان سەبارەت بەو پرسیارە

دەڵێ: "هەڵبژاردن لەبەرژەوەندی پڕۆسەی هەڵبژاردنەو لەبەرژەوەندی میللەتیشە، هەڵبژاردن کۆکردنەوەی دیموکراسیەتە، حزبە سیاسیەکان و کەسایەتیەکانیش دەچنە ئەم پێشبڕکێیەوە،سەرجەم حزبەسیاسیەکانش لەبەرژەوەندی میللەت تێدەکۆشن لەکاتی دەرچون و دەرنەچونیان.. پێشمانوایە دەنگی جیاواز دەبێت بەهۆی بیرو بۆچونی جیاواز، بەتایبەت ئێمە کیانێکی سیاسیمان پێکهێناوە کەلیستی (ئازادی وعەدالەتی کۆمەڵایەتی)ە، بیرو بۆچونی تایبەتمان هەیە لەسەر شێوازی بەڕێوە بردنی ئیدارەو شێوازی دابەشکردنی سەروەتی کوردستان.

**مەسعود عبدولخالق**، نووسەر و



رۆژنامەنووس دەڵێ : 'بۆخۆی پڕۆسەی هەڵبژاردن بەرجەستەکردنی پڕۆسەی دیموکراسیەتە، ئەم سەردەمە وەکو سەردەمی یۆنانی نیە، چون دیموکراسی ڕاستەوخۆنیە، واتە میللی نیە، دیموکراسیەت بریتیە لەحەوت پایەگا کەیەکێکیان هەڵبژاردنە، زۆربەی زانایان پێیانوایە چەندساڵ یەکجار دیموکراسیەت پەیڕەو دەکرێت ئەو ڕۆژەش هەڵبژاردنە.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەهەڵبژاردن زۆر گرنگە ، لەویش گرنگ تر ئەوەیە کەحزبە دەسەڵاتدارەکان بەئەنجامەکەی ڕازی بن، بەمەرجێک بەبێ ساختە کاری بێت. رۆژی ڕاستەقینەی حزبەسیاسیەکان ڕۆژی هەڵبژاردنە.

هەڵبژاردن زۆر پێناسە هەڵدەگرێ کەلە قازانجی هەمولایەکدایە. ماوەیەکی زۆرریشە هەڵبژاردن نەکراوە ڕەنگە دیموکراسیەکی ڕاستەقینە بێتە ئاراوە، بۆیە پێشتر دیموکراسی هەبوە کەدیموکراسی یەک بوە لەسەربنەمای ڕێککەوتن بووە، کە لەجیهاندا ڕێککەوتنەکان(توافوق)لەنێوان دوونەتەوەی جیاوازدایە نەک دووحزبی یەک نەتەوە، کەئەمەی کوردستان لەڕاستیدا نەگونجاوە، هەرهەڵبژاردنە کەحزبەکان خۆیانی تێدا هەڵدەسەنگێنن و قەوارەی ڕاستەقینەی خۆیان دەزانن، لەڕوی چەندایەتی و چۆنیەتیەوە، هەموو دەکەونە جموجوڵ. پێموایە کوردستان تائێستا لەسەر تەنیشتکەوتوەو لەدوای ئەم هەڵبژاردنە دەکەوێتە سەرپێی خۆی'

هەر سەبارەت بەو پرسیارە **بێکەس حەمەد قادر** ، سکرتێری گشتی

پارتی نیشتمانی رای خۆی بەم شێوەیە دەردەبڕێ: ' بەدڵنیاییەوە هەڵبژاردن لەبەرژەوەندی خەڵکدایە، لەبەرژەوەندی پڕۆسەی دیموکرسیدایە، هەڵبژاردن بەرژەوەندی گەورەتری هەیە نەک حزبەکان، ئەگەر بمانەوێ بچینە ناو پڕۆسەیەک کەبتەوێ دەسەڵات دەستاو دەست بکات، زۆرجیاوازە لەوەی بڵێین لەبەرژەوەندی حزبەسیاسیەکاندایە،هەمومان بەتەمای سەرکەوتنی ئەم پڕۆسە سیاسیەین ، وەپڕۆسەی هەڵبژاردنیش پێویستە دوربێت لەهەرەشەو چاو سورکردنەوە، دەبێت هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد بێت ، گرنگ ئەوە نیە کێ دەچێتە پەرلەمان ، گرنگ ئەوەیە خەڵکی بتوانێ بەئازادی دەنگ بدات و پڕۆسەکەبەسەرکەوتویی بەڕێوە بچێت.

هەڵبەت هەڵبژاردن و بەڕێوەبەردنی پڕۆسەکە قسەو باسی زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام ئەوەی بەلای کوردستانیانەوە گرنگە سەرخستنی پڕۆسەی دەنگدان و پاک بەڕێوەبردنیەتی. راستە خەڵک مەبەستیەتی ئازادانە دەنگ بدات و نوێنەرانی راستینی خۆی هەڵبژێرێ و رەوانەی پەرلەمانیان بکات، بەڵام هەڵبژاردن لەنیوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستاندا وەک هەڵبژاردن لەنێوان جۆرەکانی ئەو ئاوانەیە کە ئێستا لەبازاڕدا لە ژێر ناوی جۆراو جۆرەوە دەفرۆشرێن و بازاڕیان پێ گەرم دەکرێ.

هیوای هەموو لایەکمان سەرخستنی پڕۆسەی هەڵبژاردن و سەرکەوتنی ئەو لیستانەیە کە دەیانەوێ راشکاوانە خزمەتی گەل و نیشتمان بکەن.

**رۆژی گەل**

# سەبارەت بە بێنازی کتێبەکان و چۆلی کتێبجانەکان!

کتێب تەنها هاوڕێیەکە کە لێت زویر نابێت و ماڵەکەت بەجێ ناهێڵێ، کەچی ئەوە ئێمەین کتێبخانەکانمان چۆڵ دەکەین و کتێبەکانیش بە فەرامۆشی دەسپێرین. گەورە بیریارانی دنیا زۆر کات ئەوەیان دوپات کردوەتەوە کە بە کتێبەوە دەتوانین بگەینە دنیای ڕاستەقینەی خۆمان، هەربۆیە لاوان و فێرخوازانیش دەبێت خوێنەری راستەقینەی ئەم زانستە بن.

بۆ ئەم تەوەرە گرنگە ڕوی پرسیارمان لە نەخوێندنەوەیە لای لاوان وفێرخوازان وهۆکارەکانی کەمی خوێندنەوە، کەبێگومان بۆچونەکان جیاوازن بەپێی جیاوازی بیرکردنەوەکان.

قاسم محەمەد فێرخوازی زانکۆیەو پێیوایە ئەگەر خوێندنەوە دادگەیی لەسەر بایە بەدڵنیاییەوە خەڵکی لە ئێستە زیاتر دەیانخوێندەوە، ئەو دەڵێ: 'خەڵکی بەکەمی دەخوێننەوە ئەبێت پڕۆسەیەک هەبێت بۆئاشت کردنەوەی لاوان بەکتێب'

سەبارەت بەوەی کە ئایا کەم خوێندنەوە بۆ هۆکارەکانی کەمی سەرچاوە یان نەبونی شوێن دەگەڕێتەوە، شوان محەمەد، دەڵێ: 'ئێمە دەتوانین ناوی لێبنێین کولتوری نەخوێندنەوە، چون بەڕاستی ئەمەیە تەنانەت ئاستی زانستی نەتەوەیەکیش دەخاتە مەترسیەوە، کە هەمیشە لەکاروانی پێشکەوتن بەجێ بمێنێ؛

سەبارەت بەشوێنی تایبەت بەخوێندنەوە، کاک قاسم پێیوابوو کەمی شوێن هەبێ هۆکارێکە کە

خەڵک روو لە خوێندنەوە نەکات.

شوان محەمەد، دەڵێ: 'پێموایە خوێنەری راستەقینە پێویستی بەشوێنی تایبەت هەیە، من وادەزانم کتێبخانەکان شوێنی گشتی بن نەک شوێنی تایبەت بەخوێندنەوە، چون بەراستی خوێندنەوە پێویستی بە ئارامیەکی تەواو هەیە'

سەبارەت بەنەبونی سەرچاوەی پێویست ، ئەرکان موحمود دەیگوت: 'کتێبخانەی کوردی لەروی سەرچاوەوە دەوڵەمەندە، هەرچەند بەرادەی پێویست نیە، بەڵام پێموانیە کەمیش بێت'

لەبارەی ئەوەی ئایا بۆچی لاوان بەکەمی بەلای خوێندنەوە دەچن، بەهارعەلی، فێرخوازی زانکۆ، وتی: 'تەنها هۆکارێک کەمن دەرکم پێکردبێ خودی گەنجان و فێرخوزان خۆیانن، کتێبیش تاکە هاوڕێیەکە کەلێت زویر نابێ، پێموایە کەهەر ئەمەشەوای کردوە کە کتێب باشترین هاوڕێ بێت'

فێرخواز هێرۆ حەسەن، لەم بارەیەوە دەڵێ: 'دەکرێ بگەڕێنینەوە بۆ گرانی کتێبەکانیش، بەتایبەت زۆربەی ئەو گەنجانەی دەخوێننەوە باری ئابوریان زۆر باش نیە، هەر لەو ڕوانگەشەوە دەبینین کە هیچ کتێب فرۆشێک دەوڵەمەند نابێ)'

سەبارەت بەوەی کە ئایا دەکرێت خوێندنەوە بەبەرنامە بکرێتە پڕۆسەیەکی گرنگ لەئایندەدا، ڕەنج حوسێن، فێرخوازی زانکۆ دەڵێ: 'خوێندنەوە بۆخۆی پڕۆسەیەکی گرنگە، بەڵام ئێمە وەک کورد دەکرێ لەدارشتنی سیستمی پەروەردەوە ئەو کارە بکەین و نەوەی نوێ بە کتێب ئاشنا بکەین و پەیوەندی لە نێوانیاندا دروست بکەین.

بەبۆچونی هێرۆحەسەن، پەروەردە کاریگەری زۆری لەسەر ئاشنابون بەدنیای خوێندنەوە دەبێ، هەربۆیە دەیگوت: 'پەروەردە هەروەک چۆن ئەرکی فێرکردنی لەئەستۆیە هەر بەو شێوەیەش ئەرکی ئاشنایەتی فێرخوزانی لەئەستۆیە بەرامبەر بەکتێب'

سەبارەت بەوەی ئێمە چۆن دەتوانین ببینە هاوڕێی کتێب و ئاشنایەتیەکی تەندروستمان لەگەڵیدا هەبێت وبەپێی پێویست بتوانین ئەوەی کە دەتوانین بیهێنینە نێو کایەی ژیانمانەوەو ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەبێت لەسەرمان و ببێتە ڕێگەی تێڕوانینی جیاواز بۆهەربابەتێک، ڕەنج حوسێن، دەیگوت: ' ئێمەی خوێنەر بریار لەسەر ئاشنایەتی کتێب دەدەین، نەک کتێب ،کەوابو دەبێ ئەو بریارە بدەین تابزانین دونیای کتێب چ دونیایەکە!!'

بەهار علی، لەم بارەیەوە دەڵێ: 'کەسمان ناتوانین بەبێ کتێب بژین، بەڵام پەیوەندیکانمان ناڕاستەوخۆیە، ڕاستەوخۆ کاریگەری خۆیان دەبێت، نمونەشمان زۆرن، وەک قورئان و ئینجیل و.....هتد'

دیار بەکر، کەفێرخوازی زانکۆیە بۆچونەکانی جیاوازەو دەڵێ: 'ناکرێ لەکەشێکدا کەهەموشتێک لە قەیراندایە تۆ بێی گلەیت هەبێ لەگەنجان بۆچی ناخوێننەوە؟؟

ئەو دەیگوت: 'من وەکو گەنجێک دەخوێنمەوە، بەڵام ئەمە نەیتوانیوە کاریگەریەکی ئەوتۆ دروست بکات، چونکە کەسی شایستە جێگەی شیاوی نیە لەکۆمەڵگەدا، ئاسان نیەو

زۆریش سەختە ناکرێ بەسادەیی وەریبگری، ئەمە هەموو ئەوانەیە کەئێمە ڕۆژانە کێشەمان لەگەڵیدا هەیە'

لە پەیوەند بە سەردانی کتێبخانەکان ، یان بۆچی خوێنەران سەردانی کتێبخانەکان ناکەن ، نەهرۆ ئیبراهیم، دەڵێ:' رۆژانە کتێبی زۆر تازە دێنە بازاڕەوە، بەڵام کتێبخانە هەر ئەو کتێبە کۆنانەی لەخۆ گرتوە کە پێشتر هەیبووە، هەرچەندە نرخی خۆیان لەدەست نەداوە، بەڵام دەبێت کتێبخانەکان بەرنامەیان هەبێ بۆکڕینی کتێبی تازە'

ئەرکان مەحمود، دەیگوت: 'کەسانێک هەن کە کتێبخانەکان بەڕێوە دەبەن کەبەڕاستی ئەوە جێگەی ئەوان نیە، بۆنمونە من دەزانم کەکەسی واهەیە کەلەوێدا دانراون قەت ڕۆژێک کتێبێکیان نەخوێندوەتەوە، ئەوەش کاریگەری دەبێت لەشێوازی رەفتاریان لەگەڵ ئەو کەسانەی سەردانی ئەوێ دەکەن'

دیار بەکر، لەدواین وتەیدا گوتی: 'من قسەیەکی جوانی یەکێک لەنوسەرە کوردەکانم بەبیردێتەوە کە دەڵێ (ئەو نوسەرانەی لەڕێی کتێبەکانیانەوە ناسیومن زۆر بەڕێز ترن لەو هاوڕێیانەی کەلەنزیکەوە دەیانناسم)، هیوادارم بەخوێندنەوە ببینە نەوەیەکی تەندروست

زۆربەی ئەوانەی کە قسەمان لەگەڵدا دەکردن پێیانوابوو کە ئێستا کتێبخانەکان چۆلن و کتێبەکانیش بێناز کەوتوون و تۆزیان لەسەردا نیشتووە. بۆیە دەکرێ بەمەبەستی ئاوەدانکردنەوەی کتێبخانەکان و زیندووکردنەوەی کتێبەکان لایەنی پەیوەنددار هەنگاوی کردەیی هەڵبگرێتەوە.

**سەردار مەحەمەد**
Sardar_mehnaz@yahoo.com